# باكور و رۆژهەڵات نایانەوێت هەرێم تێکبچێت!

دیاری محمد

ئەگەرچی لەبابەتی پێشووتردا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە(عبدولا ئۆجەلان)ڕێبەری بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لەگەڵ ئارامیدایە، بەڵام تاهەنوکەش پەنجەی تۆمەت و نەزانی بۆ پەکەکە و پەژاك و سەرۆکەکەیان ڕادەکێشن و بەوە تۆمەتباریان دەکەن کەگوایە پشتیوانی لایەنێکی سیاسی هەرێمی کوردستانیان کردووە بۆ تێکدانی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی من ووتەبێژی فەرمی هیچ یەکێك لەم پارتە کوردیانە نیم بەڵام بەهۆی شارەزاییم لەمامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخی هەرێم کوردستان بەپێویستی دەزانم بۆ بوچاو ڕوونی گشت لایەك جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە بکەمەوە نە بەڕێز(ئۆجەلان و نەپەکەکە و نەپەژاکیش)پشتگیری تێکدانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان ناکەن ، بەڵکو وەك هەمیشە لەلێدوانەکانیان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کەهەرێمی کوردستان موڵکی هەمووانە و هەمیشەش گەریلایان بەپاسەوانی هەموو دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان زانیوە و دەزانن لەبەرئەوە درێژکردنی پەنجەی تۆمەت بۆ ئەم دوو پارتە سیاسیە و سەرۆکەکەیان نیشانەی تێنەگەیشتنە لەبەرنامەی سیاسی و نیشتیمانی .

بەتیشك خستنە سەر ئەو بابەتە جارێکی تر بەکورتی هەڵوێستی بەڕێز ئۆجەلان بۆ هەموو لایەك لەخلێکدار ڕوون دەکەمەوە کەتەئکیدی لەوە کردۆتەوە کەپێویستە بەپەلە دەسەڵات گوێ لەداخوازیەکانی هاوڵاتیان بگرێت، ڕێگە بگرێت لەوەی کەووڵاتانی دەرەوە دەست بخەنە ناو بارودۆخی سیاسی هەرێم و خۆپیشاندانەکە لەبەرژەوەندی خۆیان ئاراستە بکەن.

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە گەورەو بچوکیان خۆیان بەپاسەوانی دەستکەوتەکانی هەرێم دەزانن بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخەی ئێستا هەیە لەدەست نەچێت من نازانم بەچ بیرکردنەوەیەك (PJAK) تۆمەتبار دەکرێت بەوەی پشتگیری لەلایەنێکی سیاسی ئەم هەرێمە دەکات لەکاتێکدا ئەوان باس لەوە دەکەن کەبۆ پاراستنی ئەم هەرێمە دەیان شەهیدیان داوە لەم ڕۆژانەدا ئاسایشی ڕاپەڕین باسی لەوە کرد کە دوو کەس بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی هاتونەتە ناو خاکی هەرێمەوە جێگەی خۆیەتی بپرسین ئەم دوو کەسە بەچ ناوچەیەکدا سنوری هەرێمیان بەزاندووە؟ لەوەڵامدا دڵنیام لەشوێنێکەوە هاتوون کەگەریلاکانی پەژاکی لێنیە، چونکە ئەو کەسانەی دەیانەوێت کاری تیرۆریستی بکەن و ئەوانەشی پاڵپشتیان دەکەن باش لەوە تێگەیشتوون کە(PJAK)ڕێگە نادات بەکاری لەمجۆرە و هەرکاتێکیش هەرکەسێك لەدەرەوەی سنورەوە بێت بەمەبەستی کاری لەمشێوەیە من دڵنیام گەریلاکانی (PJAK) دەرسێکی پێدەڵێنەوە کەلەژیانی ئێستاو ڕابردووی پەشیمان بێتەوە چونکە

گەریلاکان خۆیان لەدەرەوەی ئەو بازنەیە نابینن کە ئەمەی ئێستای لێبەرهەم هاتووە لەبەرئەوە باشتر وایە هەڵوێست و هەڵسەنگاندنیباکوور و ڕۆژهەلآت وەکو خۆی لێکبدرێتەوە و پێچەوانە نەکرێتەوە، (KCK و PJAK) هیچ کات لەگەڵ ئەوەدانین کەئەم بارودۆخەی ئێستا بەمشێوەیە بەردەوام بێت و داواکردنیشیان بۆ گوێ گرتن لەخەڵکی کوردستان بەو مانایە نایەت کەئەوان پشتگیری لەلایەنێکی سیاسی ئەم هەرێمە دەکەن ئاخۆ ئەم خەڵکەی ئێستانارِازییە و لەشەقامەکان دەبینرێت تەنیا لایەنگرانی لایەنێکن بەباوەڕی من نەخێر لەبەرئەوە داواکاری ئەوان تەنیا ئەوەیە کەدڵێن "پێویستە دەسەلآت بگەڕێتەوە ناو خەڵك بۆ ئەوەی دراوسێکان دەست نەخەنە ناو کاروبارەکەوە ئاراستەکەی لەبەرژەوەندی خۆیان بەکارنەهێنن ئەوکاتە دۆخەکە لەدەست دەچێت و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نایێت، گەلۆ من دەپرسم ئایا کوردستانی گەورە ڕۆژهەلآت کەلیمەی کوفریان گوتووە یاخود داواکەیانڕاستەقینەیە پێویستە بەهەند وەربگیرێت".

جارێکیان ورچێك بەتەنیشت بارەگایەکی جندرمەکانی تورکیادا تێدەپەڕێت ئەوانیش وادەزانن گەریلا و دەست دەکەن بەتەقە کردن و بەپەلە سەرووی خۆیان لەم ورچە ئاگاداردەکەنەوە کەگوایە گەریلاکان نزیکبونەتەوە دواتر دەردەکەوێت کەئەمە گەریلاکان نەبوونە بەڵکو ورچێك بووە.

ئەو بەسەرهاتەش لێدوانی بەرپرسێکی جەهەپەم بیردەخاتەوە کەدڵێت سەربازانی تورك شێری سەر کاغەزن یانی لەسێبەری خۆیان دەترسن باشتر وایە ئێمەش پێش ئەوەی لایەنی تر بەپشتیوانی ئەم خۆپیشاندانانە تۆمەتباربکەین دابەزینە سەر شەقامەکان و گوێیان لێبگرین پێش ئەوەی تورکیا میت و ئێران ئیتلآعات بیڕێتە ناویان و لەبەرژەوەندی خۆی ئاراستەیان بکات و جارێکیتر دڵێمەوە ئەوکات دۆخەکە لەدەست دەچێت و چارەسەری موستەحیل دەبێت.

diarypress@gmail.com

**تێبینیی: (ئەم بابەتە بیروڕای تایبەتی خۆمە و گوزارش لەڕای هیچ لایەنێکی سیاسی ناکات!)**